The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پێنجەمین ڕۆژی مانگرتن

لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی دوێنێ عەسر تا ئەم ئێوارەیە باران و ڕەهێڵەو لێزمەیە ، مانگرتن بەردەوامە و هاریکاری و مرۆڤ دۆستی سویسریە مرۆڤ دۆستەکان و خۆگری خەڵکی تێکۆشەرو ماندونەناسی ڕۆژهەلاتی کوردستان ، هێزوتینی زیاترمان پێدەدات و ئەو باران و لێزمەیە بە ئاوی شتنەوەی کەموکوڕییەکانمانی دەزانین و داوایی لێبوردنیش لە کەسوکارەکانمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەین کە ناتوانین لەئاستی چاوەڕوانیەکانی ئەواندا بین ، مژدەی ئەوەتان پێدەدەین کە کێشەی سیاسی نەتەوەکەمان وا بەرەوناوماڵ و شوێنی کارو ژیانی نەتەوە پێشکەوتوەکان دەچێت خانمی **Müller** ووتی من بۆیە دێم یارمەتیتان ئەدەم و لەم بەرباران و سەرمایەدا وەستاوم ، یەکەم ڕۆژ کە لێرەوەتێپەڕیم ئەو وێنانەم بینی زانیم ئێوە کوردن و وێنەی منداڵانێک کە فریایی تێر خواردنی شیری دایکیان نەکەوتن . **LISA** کە کیژۆڵەیەک بەرەگەز ئەڵمانی سویسریە ووتی دڵم خۆشە کە لەگەڵ ئێوەدا ئیمزا کۆدەکەمەوە بەدژی ئەو زوڵمەی لە ئێوە دەکرێت ، خۆزگە هەرلەیەکەمین ڕۆژەوە بمزانیایە ، سەیر کەن کورد چەند بێشانسە لەم کاتەدا ئەم بارانە خراپە دەبارێت ، بەڵام کێشە نیە من کورد دەناسم بەرگەی سەختی دەگرن هەر بۆیە باوەڕم وایە سەردەکەون .

**1 – FSK** ڕێکخراوی هاوڕێ بەندی سویس کورد_هاوپشتی و هاودەنگی خۆیانیان بۆ مانگرتنەکە دوپات کردوەو .

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

2 – Augen auf  چاوکراوەکان ، پشتیوانی خۆیانیان بۆ مانگرتوان دوپات کردەوە .
3 – PJAK پارتی ژیانی ئازادی کورد  ئەمڕۆ بۆ جارێکی تر هاوپشتی خۆیانیان دووپات کردەوە .
4 – کۆمیتەی سویسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران  سەردانیان کردین و هاوپشتی خۆیانیان ڕاگەیاند .  .
5 – کۆمیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاوپشتی خۆیانیان ڕاگەیاند .
6 – کاتژمێر 5 سەر لە ئێوارە کەناڵی ئاسمانی ROJ TV  هەواڵی مانگرتنەکەو پەیوەندی بە یەکێک لە مانگرتوانەوە کرد .  .
7 – دوێنێ شەو 21 کەس لە کیژان و کوڕانی سویسی بۆ هاوپشتی لە گەلی کورد و مانگرتوان بۆ ماوەی 2 کاتژمێر لەبەر بوونی بارانێکی بە خوڕ بە چەترەوە لای مانگرتوان مانەوە
8 – کەناڵی ئاسمانی کورد سات سەردانی کردین و پەیمانی دا کە دووشەمە کە دوا ڕۆژی مانگرتنە ڕیپۆرتاژێکی تێرو تەسەل لەسەر مانگرتنەکە ئامادە بکات .
9 – دوکاندارو خاوەن کارە کوردەکانی شاری زیورخ هەم هاوپشتی خۆیانیان دووپات کردەوە هەم کۆمەکی مادییان پێشکەش کردین
10 -  هەرلە یەکەمین ڕۆژی مانگرتنەوە  لەلایەن چاک ەوە  خواردن و خواردنەوە ئامادە دەکرێت بۆهەموان .

**چەند وێنەیەک لە پێنجەمین ڕۆژدا.**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com






PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com